# مەعریفە و دەسەڵاتخوازی لە ڕەخنەوە بۆ بوغز

سمکۆ محەمەد
(٢ - ٢)

**ئاکاری دەسەڵات.. دەسەڵاتی ئاکار**
**ڕەوشت خواستی هێزە "نیتشە"**

ئێمە لێرەدا دوو جۆر لە چەمکی ئاکار موناقەشە دەکەین، ئاکارێک وەک خەسڵەتی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئاکارێکی دیکە وەک چەمکێک کە دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە لەنێو کۆمەڵگە و کایەکانی دیکەی وەک ئایین و نەریتدا کاری پێ دەکرێت، بۆیە تێگەیشتن لە دەسەڵات وەک چەمکێکی سەربەخۆ چەند لایەنێکی هەیە، لایەنی سیاسی دوای هەموو لایەنەکانی دیکە دێت، بەڵام ئێمە بەر لەهەر شتێک لەڕووی زمانەوانییەوە پێویستیمان بە شیکردنەوە هەیە، بۆ نموونە "لایەنی زمانەوانی بۆ دەسەڵات بریتین لەم زاراوانە (سلطة، تووڕەبوون، زۆرداری، زمان درێژ، سوڵتان، بیانوو هێنانەوە).

**پێناسەی زمانەوانی**

پێناسەی یەکەم ئەوەیە کە زانیارییە لە سیاسەت و گەڕانەوەیە بۆ ئۆتۆریتەی کۆمەڵایەتی و دەستەی کۆمەڵایەتی کە توانایی لە بەسەردا سەپاندنی شتەوە هەیە، یان ئەو دەستە سەرکردایەتییانەی هەژموونی خۆیان بەسەر خەڵکدا فەرز دەکەن.

پێناسەی دووەم سەڵاحیەتی فەرمان و نکوڵی کردن کە ئەمە لەلایەن دەوڵەتە و وەزیر و دەوڵەت کە دۆسیە دەکاتەوە، یان دایدەخات". (١٤). لە شوێنێکی تردا دەسەڵات دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیشە کە لەلایەن کۆمەڵگە خۆیەوە، یان بێ دەسەڵاتی و لاوازی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، دروستبوونی ئەم چەمکە و ئەم دیاردەیە هەندێک جار بەهۆی خۆ فەرزکردن و بەهۆی جەنگەوەیە، هەندێک جار بەهۆی سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی مەعریفییەوەیە، یان بەهۆی کەلێنێکی حاکمیەتی



**تۆماس هۆبز**

خەڵکەوەیە کە پێویستە ئەو کەلێنە پڕ بکرێتەوە، هەندێک جاریش بەهۆی نەبوونی سیستەمەوەیە کە کۆمەڵگە بۆ ڕێکخستنی گشت و بە بەرپرسیاریەتی گشتی، هەم یاسا و هەم دامەزراندنی دەزگای جیاوازی پێویستە، سەرەنجام لەوە تێدەگەین کە دەسەڵات وەزیفەیەکە بۆ پێکهێنانی ڕەفتاری گشتی بەکەڵک وەرگرتن لە ڕێساکانی کۆمەڵایەتی و کردنیان بە دەستوور، هەڵبەت ئەمە بۆ دەوڵەت و حکوومەت، بەڵام کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، گرینگییەکەی لەوێدایە کە بەرژەوەندی گشتی کولتووری دەپارێزێ، دانپێدانانیش بەم دیاردەیە ئەو کاتەیە کە خزمەتی گشتی دەکات، ئەم پێناسەیە لە ١٧٨٤ لەلایەن (مۆنتیسکۆ)ی فەرەنسییەوە لە کتێبی (ڕوحی یاساکان)دا هاتووە، کە بەمانا کورتەکەی دەسەڵات وەزیفەی دەوڵەت و لە سێ ئۆرگان پێکهاتووە، ئەویش (یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری)یە. لە دەرەوەی ئەمەش دەسەڵاتی دیکە هەیە کە ئەویش دەسەڵاتی چوارەمە کە میدیا و ڕۆژنامەیە و چاودێرە بەسەر هەر سێ دەسەڵاتەکەی دیکەوە، ئێمە لە چاپتەرەکانی دیکەدا باسی ئەم لایەنەمان کردووە، هەرچی دەسەڵاتی خۆرسکە، لە (کۆمەڵایەتی و عەقڵ و ئایین و سیاسەت و ئابووری) پێکهاتووە کە هەموویان پێکەوە کیانێکی گەورە پێکدێنن، بەڵام کاتێک کە ئەم دیاردەیە، واتە دیاردەی دەسەڵات و دەسەڵاتگەرایەتی، دەبێتە شتێکی نەشاز و ناشیرین و وێنەیەکی ناحەز لە تەماشاکردنی خەڵک و ڕەخنەگرانی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنەوە، چونکە ئەو کاتەیە کە ناعەدالەتی دەکرێت و بەهیچ کام لە ڕێسا و یاساکان چارەسەر ناکرێت، بۆیە لێردا بەناچاری دەبێت پێوەری ئەخلاقی بەکار بهێنین.

بەڕای (تۆماس هۆبز) لە کتێبی ئەخلاقدا، وا باسی ئەخلاق دەکات کە تەنیا بریتی نییە لە سزادانی کەسی تاوانکار، بەڵکو بریتییە لە ڕەفتاری میللەتێک کە وەک بۆماوە دەبێتە کولتوور و ڕێورەسمەکانیان لەدەست دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەخلاقی میللەتێک، "لە ڕابوردوودا هەندێک دەسەڵات هەڵکەوتوون کە دەیانەوێ لە ڕێگەی سزادان و ئەشکەنجەوە ئەخلاقی جوان بچەسپێنن، غافڵ لەوەی کە ئەخلاقی جوان لە ڕێگەی سزادان و ئەشکەنجەوە دروست نابێت، ڕاستە ئەشکەنجە سزای یەک دوو کەس دەدات کە بنچینەکانی ئەخلاقیان پێشێل کردووە، بەڵام ئەی ئەگەر میللەتێک ئەخلاقی جوانی لەدەست دابێت، ئەوکات چی ڕوو دەدات؟ شتێکی ئاساییە هەرچەندە ئەشکەنجە بتوانێ پێشی یەک دوو کەس بگرێت، ئەوە ناتوانێ ئەخلاقی قێزەونی میللەتێک چاک بکاتەوە، بۆیە کاتێک چینییەکان وازیان لە ڕێورەسمەکانیان هێنا، ئەوە ئەخلاقی جوانیان لەدەست چوو، پەنایان بۆ سزای توندوتیژ برد و پاش ئەوە بەردەوام شۆڕش و پشێوی گەورە لە ژیانی چیندا ڕوویان دا". توماس هوبز و مذهبه في الاخلاق و السياسة، د.نبيل عبدالحميد عبدالجبار، دار دجلة ناشرون و موزعون، سنة ٢٠٠٧.

لەلای مارکس ئەخلاق هەڵگەڕانەوەی چەمکەکەیە لە ئایدیالێکی بێ بەهاوە بۆ ماتریالێکی بەهادار کە هەم خود لە کۆمەڵگە ڕزگار دەکات و هەم لەڕووی زەینییەوە شوناسی چینەکان بۆ تاک دیاری دەکات، لە تیوری مارکسیدا پرەنسیپە ئەخلاقییەکان نوێنەری پیرۆزبوون و پاکیزەیی خواست و سۆزی چینی حاکمە، لە گەشەی هەردەم زیادکەری حاڵەتە بەرەڵاییەکانی ڕێکخراوی ئابووری سەردەمەکان جیاواز دەکاتەوە " مارکس ئەخلاقی سوودگەرایانە و چینی بازاڕ و بۆرژوا دەخاتە بەر ڕەخنەوە، هاوکات ئاکاری مرۆڤ دەکاتە پەیڕەو و پێماڵی پێویستییە مێژووییەکانی پراکسیس، یان کاری شۆڕشگێڕانەوە، بانگەشە بۆ کردەی شۆڕشگێری دەکات بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی بێ چین کە تێیدا گەشەی ئازادانە، گەشەی ئازادانەی هەموانە، واتە کۆمەڵگەیەک کە نەسەرکوتی دەروونی و نە سەرکوتی زەینی داوا بکات و نە سەرکوتی دەرەکی سزادانی یاسایی، لەم

کــۆمــەڵگایەدا ئەخــلاق و دەوڵەت بەرەو نەمــان مل دەنێن".(١٥)

بۆ ئەوەی لە جەوهەری دەسەلات تێ بگەین پێویستمان بەکردنەوەی دەرگا کلۆمدراوەکانی پرسیار هەیە کە لە پێوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا بە مەترسیدارترین دەربڕین دادەنرێت، ئەویش بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەیە کە لە چەمکی ئاکارەوە دەست پێ دەکەن، ئاکارێک کە لە ولاتە ڕۆژهەلاتییەکان هێشتا وەک فۆرم بەهای ماوە و لەڕووی جەوهەرییەوە مانای ئایینی و ئابووری تێدا ماوە کە چینی سەرمایەدار بۆ بەردەوام بوونی لە ململانێ پەنا بۆ ئاکار بیات "دەبێ لەو شوێنەدا هەڵوەستەیەک بکەین کە لە گوند و شوێنە دوورەدەستەکانی شارنشینەوە چۆن بەها لە ئەنجامی دۆخێکی لەبەرچاوگیراوی نوێ خۆڕاگری هەیە، چونکە گوندییەکان بە بەهای کۆنەوە پەیوەستن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەدەست هەژاری و نەبوونییەوە دەناڵێن، ئەمەش وای کردووە ئارام بگرن و تەنازول نەکەن و نەکەونە ژێر هەژموونی ڕقاوییەوە کە ئاکار خولقاندوویەتی".(١٦). ئەم بۆچوونە لەلای د. عەلی وەردی وەک قازانج ناسراوە، چونکە هەموو ئەو ڕەفتار و ئەخلاقەی گۆڕاوە لە گوندەوە بۆ شار، لە ڕێگەی بازرگانەکانەوە بووە، بازرگانیش هەمیشە لەسەر بنچینەی ڕازیکردنی میوان و کڕیار مامەڵە دەکات و کڕیار بە خاوەنی ماف دەزانێ، ئەمە کاریگەری لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری کۆن بۆ نوێ هەبووە، بەتایبەتی گۆڕینی تێگەیشتن لە حەرامەوە بۆ حەلاڵ، لە باشەوە بۆ خراپ، یان وەرگرتنی مامەڵەی نوێ و دابڕان لە کۆن، لە حاڵێکدا ئەمە لابردنی ئەو چەمکە نییە بەناوی ئەخلاق، بەڵکو گۆڕینی ئەخلاقی پایە نزمەکانە بۆ گەورەکان کە مانایەکی جیاوازی و لە بەهای ئەخلاقی سادە کەم دەکاتەوە و ئینسانێکی نوێ دەخولقێنێ کە لەسەرەتای سەرسام بوونی ئینسانەکە بە شار و سیحرەکانی شار و سیحری دەسەلات دەست پێ دەکات، ئیدی لەوێوە دەسەلات لە ڕێگەی ئەخلاقەوە ئەم جارەیان خۆی بەرهەم دێنێتەوە، بەشەکەی دیکەی گۆڕینی شێوەی خوداپەرستی و ئایین پەرستی و سەردانیکردنی پەرستگاکانە، چونکە لە ئایینەوە ئیلهام لەو لۆژیکە وەرگیراوە پرسیار نەکرێت، بەڵام لەنێو کایەی سیاسیدا وەزیفە وەردەگرێ، بەمانایەکی دیکە، پرسیارکردن لە دەسەلات بۆ زیاتر کۆنترۆلکردن و گەمارۆدانی مەیلە جیاجیاکانی نێو ئەو گرووپانەی کە کۆمەڵگا پێکدێنن، وەلامی حازر بەدەستی خۆی هەیە، بۆیە هەمیشە لەهەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو فەرهەنگە کلاسیکییە کۆمەلایەتییەدایە کە لە ڕێگەی ئاکارەوە وەزیفەی وەرگرتووە، چونکە بەشێکی زۆری لەو ڕووبەرە داگیر کردووە، بابزانین چۆن؟

نیتشە ١٩٠٠ - ١٩٤٤ لە کتێبی ئەودیوی چاکە و خراپەدا، پێی وایە کە ئاکار بوونی نییە، ئەگەر شیکردنەوە لە ئاکار نەکرێت و کار بە چەمکەکە نەکرێت، هەڵبەت ئەم وتەیە بەلای بیرمەندێکی شارەزا لە چەمکی ئاکار، بەو مانایە دێت کە ئاکار پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەکولتوور و ئایینەوە هەیە و ڕەگوڕیشەی بۆ ئەو ڕایانە دەگەڕێتەوە کە تاک بەکۆمەڵگەوە یەکانگیر دەکاتەوە، لەنێو یەکەیەکی هەرەمی دەسەلاتدا جارێکی تر بەرهەمی دێنێتەوە، ئەویش (یەکەی خێزانە)، ئەم یەکەیە گرینگترین و پارێزەرترین ڕووی ئاکاری کۆمەڵگەیە و تاکە پایە و ڕاگری دەسەلاتە، وەک بەشێکی گرنگی سەرخانی کۆمەڵگە کە دواتر لە ناوەندە جیاجیاکاندا ڕەنگ دەداتەوە.(نیتشە) پێی وایە ڕۆشنبیر بە ڕواڵەت کردەوەکانیان هاوشێوەی ئەو کردەوە باوانەن کە لە کۆمەڵگەدا کاریگەرییان لەسەر ژیانی خەڵک هەیە، بەمەش کۆمەڵگەیەکی دابڕاو لە پێشکەوتنە کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکان دروست دەکەن، لێرەشەوە ئاکار و ڕۆشنبیری لە دوو بەشی گرنگدا دیاری دەکات.

**ئاکاری لاواز و پایە نزمەکان و کۆیلەکان.١:**

**ئاکاری ڕۆشنبیرییە بەهێزەکان و خاوەندارەکان.٢:**

نیتشە دەڵێ " لەکاتی گەڕانم بەنێو شێوە و جۆرەکانی ئەخلاقدا، هەندێکیان ئاڵۆزبوون و هەندێکیان ڕوون، تا ئێستا ئەوە جێگیرە لەسەر زەمینی واقیع، چەند نموونەیەکی دیاریکراوم بینی کە هەندێکیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەسەر ئەوانی تردا ترسیان لەیەکتر هەبوو، دواجار بۆم ئاشکرا بوو هەردوو شێوەیەکە ڕەسەنن، بەلام جیاوازی بنچینەییان ئەوەبوو کە ئەخلاقی بەهێز و خاوەندارەکان بوون ئەوانی تر ئەخلاقی کۆیلە".(١٧) ئەمە بەشێکی بۆ خوێندنەوەی ئەبیکۆری دەگەڕێتەوە، کە لە یۆنانی کۆنەوە بەرهەم هاتووە، بەشەکەی تری بۆ سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ و تیۆری نوێی سۆسیۆلۆژیای سەر بەقوتابخانەی ئەمریکایی، دیارە هەر بەپێی ئەو پێوەرەش بووە بنەماڵە نەجیبزادەکانی یۆنان لەسەرەتاوە ناوی خۆیان ناوە پایەدار و ئەخلاقیاتی خۆیان لەوانی تر جوداکردووەتەوە، چونکە کۆیلەکان ئەخلاقی خۆیان هەبووە و ئەوەیان قبووڵ کردووە کە کۆیلەی کۆیلەدارەکان بن، لێرەوە تێدەگەین کە بەشێک لە مێژوونوسەکان بەهەڵەدا چوون کە چینەکانی کۆمەڵگەیان جوداکردووەتەوە، بەڵکو

ئەوە ئەخلاقیاتێکی خۆڕسک و ڕەسەنایەتی بووە کە قەناعەتێک بۆ بنەماڵە نەجیبزادەکان دروست بکات، ئەوان لەڕووی ئەخلاقییەوە جودان.

ئەمە لە تەواوی دنیادا هەیە، ئیدی لەپادشاهییەوە بگرە تا دەگاتە بنەماڵەی ئاسایی ناوداری کۆمەڵایەتی کە لە کوردستان و ئێراق هەن و هەمیشە خۆیان بەرهەم دێننەوە، کاتێک ئەم خۆ بەرهەمهێنانەوەیە لەلایەن هیچ کارەکتەرێکی چالاکی بنەماڵەکانەوە ڕەت ناکرێتەوە و ڕەخنەی لێ ناگیرێ، بەو مانایە دێت کە بڕوایان بە دنیای دەسەڵاتخوازییە لە هەموو کایەکانی ژیان تا دەگاتە کایەی ڕۆشنبیری، نیتشە وەک ڕەخنەگرێک و فەیلەسووفێکی مۆدێرن هەڵوێستی کاریگەری لەسەر نەریتی پارێزگا هەبووە، ئەو نەریتەی بۆ ژیان و دژایەتی دەسەڵات، سووربوون بووە لەسەر بوونێک کە ڕەهەندی ژیاندۆستی بەدواوەیە، بوونی هەریەک لە لایەنە نەرێکانی نیتشە، بەشێکە لە قۆناغی ژیانی، ئەگەر تاکڕەهەندانە لێک نەدرێتەوە، دووری لە ئەخلاقخوازی و ڕەخنە لە ژیانی سوونەتگەرایی کۆمەڵگە و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە نەریتێک کە بیرکردنەوەی نوێی لە پشتەوە نییە، هۆکاری تووڕەبوونی ئەم فەیلەسووفە بوون، بۆیە هەموو نەرێکان و نیهلیزمی نیتشە، بۆ ژیانێکی دیکە بوو کە ئەرێ بوو بۆ هۆشیاری.

ئێمە بۆ شرۆڤەکردنی ڕوویەکی ئەم چەمکە، نیتشەمان بە پێوەری فەلسەفی وەرنەگرتووە، بەڵام بۆ ئیرادە و ئاکار لەنێو مەعریفەدا پێناسەکەی بەکەڵک دێت، "هەژموونی ئەخلاقی سەردەمیانەی ئینسان هەر وەک چۆن نیتشە دەستنیشانی کرد، بۆ جۆرە پراکتیکێک دەگۆڕێت کە بەسەر خودا دەسەپێنرێت، هەر ئەو پراکتیکەی نیتشە زۆر ستایشی دەکرد، هەژموونێکی وەها لە خۆیدا بەبێ ئاستی بێگاری، یان چەوساندنەوەی خود، بەدەست نایەت و تەنیا کاتێک ڕوودەدات کە بەشێوەیەکی ناوەکی کاریکاتۆرێکی وەک هەژموونێک، وەک قبووڵکردنێکی نا چالاک و ملکەچ دەرهەق بە هەمان یاسا بخرێتەڕوو، کە ڕاستییەکەی لە بەرانبەر ئەخلاقی کۆن دایدەنێت و خەریکی ستایشکردنیەتی" (١٨) ئێمە لێرەدا بۆیە دژی ئەو بۆچوونەین کە وەک ئەلتەرناتیڤی کۆن هەژموونی ئەخلاقی خودی دانراوە، چونکە ئەوەی کۆن یاسایەکی کۆمەڵایەتی هەبوو، ئەوەی ئێستا جگە لە بەرهەمهێنراوی سیستمێک کە سیناریۆیەکی کاتییە، هیچی تر نییە، بۆیە هەم لە نێو چالاکی و هەم لە باری هەلومەرجەوە ڕەت دەکرێتەوە، گوایە ئەو یەکپارچەییە بۆ گشت کرێکاران بەسەر چووە و سەردەمی خودە، هەروەک ئەوەی چۆن لە دوای شکستی سۆڤییەتەوە، تەرزێک لە بەناو ڕۆشنبیر خولقان و دژی یەکگرتن هەموو جۆرە یەکگرتووییەکیان پێ نامەعقوول و ناچیزە بوو، کە دەرکەوت ئەو نامەعقولیەتە مەعقوولترە لەو تێگەیشتنە ناکاملەی کە تووشی وەهم بووبوون لەدوای سەرکەوتنی سەرمایەداری، بە تایبەتیش ئەمەریکا.

ئەگەر بگوترێت ئایدیای هەژموونگەرایی نوێ دەبێتەوە، من دەڵێم ئەگەرێکی کراوەیە و ڕەنگە وا بکەوێتەوە، چونکە کاریگەری ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە تەکنۆلۆژیا کردوویەتییە سەر خود و پێوەندی تەنیا لەگەڵ خودی خۆیدا دەبەستێت، بەڵێ واقیعە و هەمیشە ڕۆژانە ئەم واقیعە بەدەیان نموونەی جیاوازەوە دەبینین و تووشی بەریەککەوتنی دەبین کە لە شێوە دیسپلینێکی دیکەی کۆمەڵایەتی دەچێت، هەروەک ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و شانازی پێوە دەکرێت.

دیاریکردنی ئەو دوو جۆرە ئاکارەی لەسەرەوە بە نموونە وەرمانگرت، هەرکامیانە وەزیفەیەکیان بینیوە، ڕەنگە لە ڕووکەشدا بەشێوەیەک لە شێوەکان جیاوازی چینایەتی لەو دوو خاڵەی سەرەوە بەپێی وەزیفەکانیان دیاری بکەین، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەندەی باس لە کولتوورێکی زاڵ و خۆسەپێن دەکەین کە بووەتە ڕۆشنبیرییەک لەناو کۆمەڵگەدا، وەک جۆرە دەسەڵاتێکی نادیار و شێوەیەکە لە مایکرۆ دەسەڵاتێکی نادیار، لێرە، لەم باسەدا کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەوەندەش باسی جیاوازی چینایەتی دەسەڵات ناکەین، کە ڕاستییەکەی ئەسڵی ڕەهەندی کێشەکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاکار ڕاگر و بەدیهێنەری کۆی ئەو خاسیەتانەیە وەک بەشێک لە ئارەزووی دەسەڵات و ئارایش کردنی دەستوورێک و وەک شێوە جیاوازییەکیش لە ژیانی چینایەتی، وەک پرەنسیپێکی کاریگەر لە دژی هەموو ئاکارێکی دەسەڵاتداریەتی خۆسەپێن و پشتگیری لە دەسەڵاتێکی فرەیی و لیبراڵی دەکات، بەپێ بۆچوونی مارکس، "یاساکان و ئاکاری مرۆڤ بەگشتی لە ئەنجامی ململانێیەکی مێژوویی چینەکاندا بەرهەم هاتووە بۆ سەرکوتکردنی چینە ژێردەستەکان کە لە مێژوودا لەلایەن چینی فەرمانڕەواوە بەرهەم هاتووە ".(١٩).

بۆچی ئەم بۆچوونەی وەردەگرین کە جیاوازییەکی لەڕادەبەدەر لەنێوان مارکس و نیتشەدا هەیە، چونکە تەواوی شتەکان دواجار دەچنەوە سەر دوالیزمی خێر و

شەڕێک کە زادەی عەقڵی مرۆڤ خۆیەتی و سەرچاوەکەی بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕێتەوە، ئەویش هەردوو لایەنی بابەتی و خودییە لە سیفەتی کەسەکاندا کە موڵکایەتی تایبەت و سایکۆلۆژییەتی تاکە.

**یەکەم:** موڵکدارییەتی وەک مێژوویی قۆناغەکانی بەشەرییەت.

**دووەم:** سایکۆلۆژیەتی خودی مرۆڤ و نامۆبوونی بەرانبەر دەسەڵاتی ئابووری و تەکنۆلۆژیا وەک کالایەک.

هەڵبەت ئاکار تاکە فاکتەرێکی سەرەکییە کە دەسەڵاتی گەورە لەلایەن دەسەڵاتی بچووکەوە کە کۆیلەکانن دەپارێزێ، پاشان شتە خەفەکراو و بڤەکان وەلادەنێت و ماهییەتی ئەو کارە دەردەخەن، چونکە سروشتی دەسەڵات لە بنیاددا بەرهەمهاتووی کاریگەرییە عەقڵییەکانە کە لە چالاکییە مەعریفی و نامەعریفییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، وەک شتێک کە لە چەمکی (هەقیقەت) ڕاستیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم تێگەیشتنەش لە سەرەوە بەرجەستە دەبێت کە ڕۆشنبیری کلاسیکی، بەشێکە لە زیندووکەرەوەی ئەو ئامارە، یان خودی دەسەڵات خۆی، ئەمەش بۆ خۆی خوێندنەوەیەکی سەردییە و دەیەوێ بەرگری لە بوون بکات، بوون وەک دەسەڵاتێکی ئەزەلی، واتە ئەوەی دەسەڵاتی ئایین بە درێژایی مێژوو جەبرییەتی پێ دراوە و کردوویەتی بە وەزیفەیەک لەسەر مرۆڤ، بەڵام دەسەڵاتی نوێ و هاوچەرخ کە سەرمایەداری هاوچەرخە، لەسەر بنیادی دەوڵەتی مۆدێرن و پاش مۆدێرنیتە خۆی نوێ کردووەتەوە، ئەمە بەرهەمی عەقلانیەت و تەکنیکی نوێیە کە بە پاڵپشتی ئابووری و سیاسەت و مەعریفە و ڕۆشنبیر و پیاوانی ئایینی و گوتاری ئایینی زاڵ و پاشکۆکانی خۆی نمایش دەکات و کەڵک لە دژەکان وەردەگرێت، هەروەک ئەوەی ئێستا ئەو دەسەڵاتە هەم هەستی پێ دەکرێت و هەم لە تێکچڕژانی هێزە دژەکان و ململانێی ئابووری و...تاد دەبینرێت، لە پەنای ئەمەشدا ڕۆشنبیر وەک هێزێک لەپەنای ئەم دەسەڵاتە، بووەتە بەشێک لەو بەرە ئاڵۆزەی جەنگە نادیارەکان بە بێ دەنگی وەک ئاکارێکی پۆست ئاکاری باو.

"زۆر لە نووسەرە ڕەوشتویستەکان پێیان وایە وشەی (پێویستە) کۆتا چەمکە و شی ناکرێتەوە و ناتوانرێ پێناسەیەکی سەر زارەکی بۆ بکرێت، ئەوەش وا دەگەیەنێت کە ئەو وشەیە، یان شتێکی وەک ئەو، دەبێت بەشێک لە زمانی ڕەوشت بێت کە فەرمانێکە بەسەر ئەوانی تردا، فەرمانیش بەرهەمی ئاکاری دەسەڵاتە، بەڵکو لەوانەیە ئەو تاکە وشەیە بێت کە لەنێوان دەستەواژە ڕەوشتییەکاندا پێناسە هەڵناگرێ، هەندێک نووسەری دیکە چەندان پێناسەی جیاجیای دیکەیان پێشکەش کردووە، لە کۆتاییشدا دەتوانین بگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەم جۆرە چەمکە لە ئارادا نییە، بۆیە پێویستە ئەوە بکەی و بەم جۆرە ڕاڤەبکرێت".(٢٠)

هەڵبەت چەمکی ئاکار مەبەستێکی تری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە ئەویش (درک کردنە بە شتەکان) بە مانایەکی تر، ئەگەر دەسەڵاتی عەقڵ و لۆژیک وەک کارەکتەرێکی ئەکتیڤ لەسەر ڕووی پرسیارەکانەوە بێ، لە هەمان کاتیشدا تاکە سەرکوتکەری عەقڵ و ئازادییەکانیشە کە هەمیشە پشتگوێ دەخرێت، کاریگەری عەقڵ و لۆژیکیش هەڵگری دنیایەک ڕەخنەیە لە ئاکار، بەڕای (میشیل فووکۆ) دەسەڵات کاری بەمۆدکردنی کردارەکانی خۆیەتی لەسەر کرداری خەڵک، ئەو دەڵێ " کۆمەڵگە بریتییە لە بنیادێکی ئاڵۆز کە فەرمانڕەوایی کارتێکەرییە فەرمانەکان لەسەر یەکتر دەکات، هەر بۆچوونێکیش سەبارەت بە کۆمەڵگەی خاڵی لە دەسەڵات بۆچوونی نامەعقووڵە، جیهانی بێ دەسەڵاتیش قابیلی بەرگرتن نییە" (٢١).

هەموو دەسەڵاتێک دەزانێ پلانێکی بۆ حوکم کردن و ئاراستەکردنی هەموو کۆمەڵگە هەیە، هەروەها پلانی بۆ حوکمی سامانی ماتریاڵە ڕەمزییەکانیش هەیە، لەکاتێکدا ئەمە بە ئەگەری نوێنەرایەتی کۆمەڵگە و بەرژەوەندی گشتیش دەزانێ، بۆیە جوداکاری لەنێوان بەرژەوەندی خۆی و بەرژەوەندی دەوڵەت دەکات، بۆ ئەوەی لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەت بەردەوام بێت، "ئەو تێگەیشتنەی ماکیاڤیللی بۆ سیاسەت و مومارەسەکردنی دەسەڵات، وامان لێدەکات بۆ سێ نموونەی جیاواز دەسەڵاتی ستراتیژی گەورە دابەش بکەین. ستراتیژی نزم کە تەنیا خۆی دەپارێزێت، کە ئەمە تێڕوانینی لیبراڵیانەیە و لەنێوان خێر و شەڕیشدا بالانس دەکات. ستراتیژیی گەورە کە شەڕانگێزی و درۆ و وەهمە و لە ڕێگەی هێز و پیلانی لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆن و نەیارەکانییەوە خۆی بەرهەم دێنێتەوە. ستراتیژی سێیەم بریتییە لە نەهێشتنی بالانس لەنێوان چاکە و خراپەدا، تەنیا حەتمییەتی ئابووری لەبەرچاو دەگیرێت، بۆیە مەحاڵە لەژێر دەستی ئەم سیستمە هەمووان ڕازی بکرێن و چینەکان نەمێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە چینەکان زیاتر دەکەونە ململانێوە".(٢٢).

ڕاستییەکەی ئەگەر ئەم سێ نموونەیەی دەسەڵات ئێستا

هەر یەک بە شێوەیەک خۆیان نمایش بکەن و ببن بە ئەلتەرناتیڤی یەکتر و هیچ سیستمێکی دەرەکیش هاوکاری کۆمەڵگە و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان نەکات، یان لانی کەم هەوڵی ڕێکخستن و چارەسەرکردنی ئەم سیستمە سیاسییە نەدات، لەولاشەوە ڕۆشنبیر بە هەمان ئاکاری سیاسی بەرگری لەم سیستمە بکات و لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر بکەونە ململانێوە، ئەوە دەسەڵات دەتوانێ بەدەست خستنە نێو دەستی هێزە دەرکییەکان و بە باڵانسکردنی بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسێ، یان ئەوانی تر، هەم خۆی بپارێزێ و هەم بەرژەوەندییە نزمەکانی خۆی و هەم هێزە فیکرییەکانیش لەناو ببات و کۆمەڵگە جارێکی تر بگەڕێتەوە دۆخێک کە کار بە ئاکار نەکات و بەناچاری لایەنگری دەوڵەت بێت.

سەرباری ئەوەی کە نموونەگەلی دەسەڵات و سیستممان وەک نموونە باس کرد، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە جگە لەوەی توانایی ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی دەسەڵات لەتوانایی هیچ گرووپ و کەسێکدا نییە، لەبەر ئەوەی دەسەڵات بە مانا گشتییەکەی هەژموونی هەیە بەسەر تەواوی خەڵک لە هەموو بوارەکانی ژیان، بەشێک لە جەوهەری هەژموونیش کارپێکردن و پەخشکردنی ئاکارە بەسەر گشتدا.

لێرەدا پێویستمان بەوەیە کە دەسەڵات لەگەڵ هەژموون جیا بکەینەوە، چونکە هەژموون جۆرێکە لە باڵادەستی لە هەموو بوارەکاندا، ئاکاریش ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینێ، بۆیە بەرگری کردن لەو گوتارە لەلایەن ڕۆشنبیری کلاسیکییەوە لەو خود ئاگاییەوە هاتووە کە عەقڵی تاکی کورت ڕەهەند وەک ئەفسانەیەک تەمەشا دەکات کە پێویست نەبووە و داوای لێ نەکراوە بەرگری بکات، ئەمەش تەمەشاکردنی تاکی کورت بینە لەنێو جەمسەرەکانی دەسەڵاتی هێز و ئیرادە، چونکە هێز و ئیرادە دووو جومگەی یەک جەستەن، ئەویش جەستەی دەسەڵاتە، سنووری ئەو دەسەڵاتەش لە بەرگرییەوە دەست پێ دەکات، پاشان تێکشکاندنی هەموو ئەو سنوورانەی کە وێنەیان هەیە، بەڵام چەند دیوێک و چەند لایەنێکیان هەیە، ئەویش خۆنواندن و گەڕانە بەدوای پێوەندییەکانی دیکە لایەنە جیاجیاکانی ئاکار دیاری دەکەن و کاردانەوەشیان دروست کردنی گوتاری دەسەڵاتە، سەرباری هەموو ئەو گەنگەشەیە، دەبێ ئەوە بەیان بکەم کە لێرەدا مەبەستمان لە دەسەڵات، ئەو قەوارەیەیە کە بە زۆر خۆی بەسەر تەواوی کایەکاندا سەپاندووە و ڕۆشنبیریشی وەک خاوەن ئیرادەیەک چەپاندووە و ناهەقی بە هەموو پیرۆزییەکانی جەماوەر دەکات، یان هەندێک جار وەک باوکێکی دڵسۆز و نایاب لە بەخێوکردن و بەڕێوەبردن خۆی نمایش دەکات، باشترین باوکیش ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتە پادشاییانەیە کە لە ڕۆژئاوا و لە ئەسکەندەنافیا دەیبینین بە ناوی سۆسیالەوە چۆن سیاسەت دەکات و چۆن ڕێگە لە هەموو هەوڵێک دەگرێت بۆ بەدەستهێنانی جۆرێکی دیکەی دەسەڵات کە لە ڕێگەی خۆشگوزەرانی بەرپرسیاریەتی دەوڵەت لە پەروەردە و تەندروستی و ژیانی هەموو خەڵک و شاردنەوەی سیستمی پاشایەتی کە لە پشت هەموو سیاسەتەکانی دەوڵەتەوەیە.

دیارە وەزیفەیەک کە ڕۆشنبیر لەسەریەتی تەنیا ئەوە نییە دژایەتی دەسەڵات بکات، تا وەک پاڵەوان دەربکەوێ، بەڵکو وەزیفەکە ڕەخنەیە لەو جۆرە پێوەندییانەی کە ئاکار بە دەسەڵاتی دەبەخشێ، هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی ئەو ڕایەڵانەش کە دەسەڵات وەک یاسایەک چوارچێوەی بۆ دیاری کردوون و چڕتری دەکاتەوە، ئیدی دەسەڵات لێرەدا دەردەکەوێت کاری خۆی بەئەفرادی پێوەندیداری حاکمییەت پەیدا دەکات، هەروەک پێشتر باسمان کرد، فۆرمێکە هەموو کۆمەڵگە لەیەک بازنەدا کۆدەکاتەوە، لەڕێگای دەزگاکانی ناوەندی کە هەم دەسەڵات ئارایش دەکەن، هەم ئیدیعای ئیرادەی ئازادییش دەکەن، لەهەمان کاتیشدا هەڵگری ئاکاری دەسەڵاتن.

ئەگەرچی ڕاستییەکەی ئیرادەی ئینسان لەبناغەوە لەژێر چەمکی یاسادا کۆنترۆڵ کراوە، چونکە ئەو حاڵەتە ڕقاوییە کە دەسەڵات هەیەتی دەرهاویشتەی ڕۆشنبیرییەکی کلاسیکە، وەک پێویستیش سۆزێک بە دەوروبەری خۆی دەبەخشێ، لەفەزایەکدا چێژ لە بەکۆیلەکردنی ئەو کائینە وەردەگرێ کە پێی دەڵێن ڕۆشنبیر و هەمیشە گوتاری مانەوەی خۆی لە کۆیلەبوون و ڕەتکردنەوەی بەرانبەرەکەی دەبینێتەوە، ئەمە ئەو کاتە هەستی پێ دەکرێت کاتێک دەبینین دەسەڵات لەپەنای ئازادی بۆ تەواوی خەڵک و لەپەنای پێکەوەژیان و...تاد، پشتگیری لە ترادیشنێکی دیاریکراو، یان ئایینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و ئایینی دەکات و بەسەر تەواوی ترادیشنەکانی دیکەدا و بەسەر تاکە ئازادەکانیشدا دەیسەپێنێ، لە حاڵێکدا دەسەڵات لەسەریەتی باڵانسێک ڕابگرێت، هەم ڕێز لە تەواوی خەڵک بگرێت و هەم ڕێز لەو دەستوور و یاسایە بگرێت

کە لەنێـو دەزگـاکـانی خـۆی کـاریان پێ دەکـات کـە لە سەرووی هەموویانەوە بەکارهێنانی ئاکارە.

ئەوەی لەپێــوەند بە ڕۆشنبــیــریشــەوە هەیە کــە موناقـەشـەیەکی وەهمی دروستی پێکهـێناوە، ئەگـەر لە وەزیفە ئەسڵەکەوە قسەبکەین، بەشێکی زۆریان دروست وەک ئەو ئەفـەندیانە دێنە بەرچاو کـە تەنیـا فـۆرمن، لە جەوهەریشدا بەتاڵ، تێکشکاندنی سنوورە تەقلیدییەکان و بەها مـوقـەدەسەکـان و حـەرامـەکـان لەلایەن بزوتنەوەی چەپەوە کە دەسـتـپـێـشـخـەری ڕۆشنبـیـری بوو لەپێناو ئازادییەکان، ئەم ئەفەندییانە بەپاساوی ئەوەی خەریکی کـارێکی گـرینگـتـرن لە ملمـلانێی سـیـاسـەت لەنێـوان دەسەڵات و بزووتنەوەیەکی سیاسی بوون، خۆیان بەدوور گـرت و هەڵوێستـیـان ئاشکرا نەبوو چ مـەبەستـێـکـیـان لەجەوهەری ئەو بێ گوتارییە هەڵگرتووە، بەڵام لایەنێکی دیکەی شاراوەی ئەم باسە ئەوەبوو کە ئیشکالییەتی ئەم بزووتنەوەیە بەکـێش کـردنەوەی ڕۆشنبـیـر بوو بۆ نێـو ئایدیۆلۆژیا کە ڕاستییەکەی ڕۆشنبیر کائینێکی یاخییە و نایشـارێتـەوە کـە ئەو قـایل نیـیـە بەو سـیـسـتـمـە کـۆنتـرۆڵکەرە و بەدوای کـێـشـەی فـیـکریدا دەگـەڕێ، ئەمـەش مانای ئەوە نییە هەق بەخۆیان بدەن و هاواریان لێ هەڵبستێ و بڵێن ئەمەش شێوەیەکی ترە لەتێوەگلانی ئایدیۆلۆژیای سیـاسـەتی حزب، بەو واتایەی سیـاسـەت کــارێکی ناشــیــرینە، بەڵام کــۆمــەک نەکــردنی وەها پرۆژەیـەک، وەها فـــەرهەنگێکی هاوچەرخ لـەلایەن ڕۆشنبیرییەوە، ناهەڵوێستەیەک لەلایەک، هەرچی حزبە بەناو دیموکراسیەکانە و دەیانەوێ ڕۆشنبیرەکانیان کە لە کادیری سیاسی بارەگـاکـانیـان پێکدێن پێشکەشکردنی تەرزێک لە ڕۆشنبیری قـۆرغ کـراوە لەلایەکی ترەوە، ئەم ئەرکە بۆچی بەسـەر ڕۆشنبـیـردا دەچەسپێت، چونکە ئەم کـائینە تێدەگـات جیـاوازی چینایەتی و باڵانسی هێزی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی ئینسان لەگەڵ دەوڵەتدا چین و لەکوێوە سـەریان هەڵداوە، بۆیە بێ دەنگ بوون بەشێکە لە نەمانی ئەخلاق.

دەکرێ بڵـێین ئەم ئەفـەندییـانە کـە بە فـۆرم لەسـەر ڕۆشنبـیری حسـابن ئەو چوارچێـوەیە ناشکێنن کە ئاکـار وەک پرەنسیپی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئینسانی بۆی داناون"، ئەمـەش مانای ئەوە نییـە کە بەردەوام ڕۆشنبیر ڕەخنەگـری سـیـاسـیـیـانەی حکومـەت و دەسـەڵات بێ، بەڵکو بەشێوەیەک تەماشای فیکر و ڕۆشنبیری بکات و بەردەوام هۆشـیــار و ئاگــاداری بۆچوونە تەقلیــدەکــان سنووری ژیانی بۆ نەکـێـشن، لەمـەشـدا پێـویسـتی بە واقعیەتێکی جێگر و تۆکمە هەیە" (٢٣). عەلی حەرب پێی وایە باشـتـرین حـاڵەت ئەوەیە کە ڕۆشنبـیـر تەنیـا ڕەخنەی بێ بەرهەم نەگرێت و دواجاریش سیاسیەکان لە حوکمـڕانیـدا ڕیفـۆرم بکەن و هەمـوو ڕەخنەکـانیش بچنە گـیـرفـانی دەوڵـەت و دەوڵەتمەدار و سـیـاسـیـیـەکـان، بۆیە باشـتر وایە ڕۆشنبیر پێوەندی بە سیـاسەتەوە هەبێت و بەشـێک بێت لە دروستکردنی بڕیاری سیـاسی و لەوێوە بتوانێت لۆژیکی سیاسی و دەسـەڵاتداری باشتر بکات، نەک ببـێـتـە بەشـێک لە دوژمنداری، وەک ئەوەی چەپە سونەتیـیـەکـان لە سـەدەی بیـسـتـەمـدا کردیان و هیچ بەرهەمـێکی نەبوو، ئەمە بەشێکە لە ئەخلاق، چونکە لە مـێـژووی ئەم دوو کـارەکـتـەر و توێژە کـە سـیـاسی و ڕۆشنبیرە، نەبووە پێکەوە هەڵبکەن و بتوانن پراکتیکی فیکری یەکتر بکەن، بۆیە ناکرێت هیچ کام لەو دوو هێزە یەکتر پشتگوێ بخەن، بۆ نموونە ئەوە وەهمە کە ڕۆشنبیر بتوانێ دەسەڵات بڕووخێنێت و خۆی ببێت بە دەسەڵاتدار و حـوکـمـڕانی دەوڵەت و بەهەشت بخـوڵقـێنێ، چونکە دەسـەڵات و دەوڵەتداری، بەتایبــەتی لە دوای هاتنی سیستمی جیهانگەرایی بۆ تەواوی دنیا، دەوڵەت تەنیا لە دەست پیـاوانی سـیـاسـیـدا نیـیـە، بەڵکو لە دەست کۆمـپـانیـاکـاندایە، کەوابوو ڕۆشنبـیـر ناتوانێ ببـێـتـە ئەلتـەرناتیڤی سیـاسیـیـەکـان و دنیا بکات بە بەهەشت، بەتایبـەتی ڕۆشنبـیـر بیـرکـردنەوەی بیـرکـردنەوەیەکی ئینسـانیـیـە و بە جوگرافـیـایەکەوە نانیشـێـتـەوە و بەوە ئیکتیـفـا بکات، بۆیە ئەم پەیامە دەبێت بۆ تەواوی دنیا بێت، بەڵام تا دنیـا نابەرابەری و سـتـەمکاری و دنیـای چینایەتی هەبێت، ڕۆشنبیر ئەرکێکی فیکری و ئەخلاقی لەسەرە کە ڕەخنەگری بەردەوام بێت.

هەر چۆنێک بێت دنیا تەنیا شوێنێک و سیستمێک و سـایکۆلۆژیایەکی تایبـەت و کـولتـوورێکی دیاریکراو بەڕێوەی نابات، بۆیە دەسـەڵاتەکـان و دەوڵەتەکـان و کۆمپانیاکان بۆ خۆیان بەرگرییان خوڵقاندووە کە نەکەونە مەترسییـەوە، کەوابوو"مادام لە هەر شـوێنێک دەسەڵات هەیە، بەرگـریش هەیە، هەروەها ئەو بەرگــرییــەش لە ئەنجامدا بەهیچ شێوەیەک لە دەرەوەی پێوەندی دەسەڵاتدا نییە" کەواتە ئەم هاوکێشەیە بۆ دەسەڵات لە چوارچێوەی دامودەزگایەکی شارستانی مۆدێرندا هەیە، ئێمە هەمـوو ئەو تیـور و مێـژووە پڕ کـێبـەرکـێیـەی نێوان ڕۆشنبیر و سیاسیـیەکان بۆ پراکـتیـک بەسەر کوردسـتاندا ناکەینە پێوەر، چونکە کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی بەشێکی بچـووکی سـەر ڕووی ئەم زەمینەیەن کە سـەرمـایەداری

هاوچەرخ بەڕێوەی دەبات.

لەم سۆنگەیەشەوە پێوەرەکە تەنیا بۆ باڵانس کردنیان بێت و بۆ ڕۆشنبیریش لەگەڵ دەسەڵات کە بەرگری جیاوازی هەیە بۆ پاراستنی خۆی، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی نیمچە لێکچوونێکی هەیە و دەیەوێت لاسایی هەمان دەستوور بکاتەوە کە لە ستراتیژیدا دوو ئاراستەی دژ بەیەکن، چونکە ئەو پرەنسیپانەی کە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کوردیدا دەبینرێن، جگە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی بۆ ئاکار و شێوازەکانی بەڕێوەبردن و دامودەزگا بەنێو ڕۆشنبیرییەکان کە جیاوازییەکی جەوهەرییان هەیە سنوورەکانی ئەو دەسەڵاتەش دیاری دەکەن، ئەوەیە کە لە هیچ کونجێکی دنیا نەریت و ئایین و عورفی کۆمەڵایەتی چەند پایەیەکی پتەوبن بۆ ڕاگرتنی جەستەی دەسەڵات و دەورێکی کاریگەر و ناراستەوخۆیان هەبێت، لێرەدا تەنیا دەزگا ڕۆشنبیرییەکان نین کە بەرگری لە دەسەڵات دەکەن " (٢٤) دوو دەزگای کۆمەڵایەتی دیکە هەن و ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە ڕێخستنی هەوڵ و چالاکییەکان مرۆڤی و بەرنامەڕێژی پرۆژەکانیدا سیفەتی سەرەکی ئەو دوو دەزگایەش ئەوەیە دوو دەزگای خۆڕسکن زیاتر دەبن بەهێمای کار و خۆڕسکانەی مرۆڤی ئێمە لەسەر مێژوو، ئەو دوو دەزگایەش دیوەخانی خێڵ و مزگەوتەکانە کە چاوگەی بەرهەمهێنانی ئاکارن، بەتایبەتی بەشێک لە ڕۆشنبیرە تەقلیدییەکان کە هەمیشە پابەندی پرەنسیپەکانی ئەو دەزگایانەن و بەیەکێک لە مەرجەعەکانی خۆیانی دەزانن، لە بەرانبەر ململانێیەک کە لە ڕوخسارێکی تردا و بەباگراوندێکی ترەوە، بەمەبەستی پێداگرتن لە ڕەنگدانەوەی ئاکار لەسەر ڕۆشنبیر بەباشی دەزانم ئاکار وەک چەمکێکی گشتگیر و کارپێکراو وەک خەسڵەت لە یەکتریان جیابکەمەوە.

ئاکار وەک کارپێکراوێک کە پێشتر باسمان لە ڕایەڵەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگە کرد و هەریەکەیان جومگەیەکن، ئیدی هەر لە ئایینەوە بگرە کە سەرچاوەی گوتارە و بووەتە فەرهەنگی گشتی کۆمەڵایەتی، تا دەگاتە خێزان کە یەکەیەکی هەرەمی بچووکە و پێوەندییە جیاجیاکان پێکەوە گرێ دەدات و هەمیشە هەڵگری گوتاری مانەوەیە کە پێشتر قسەمان لێوە کرد.

"بنچینەی ئەو ڕەفتار و ئاکارە هاوبەشەی و دواتریش ئەوەی ئەو ئاکارە سیاسییەی کە دوورە لە تێکچوون و جەنگەکان، توانەوەی کەسایەتی ئینسان بوو کە لە ماوەی ٣٠ تا ٤٠ ساڵ لەم چەرخەی ڕابوردوو بینیمان، دەرکەوت بە شێوەیەکی بەرفراوان و قووڵتر کە زیاتر لە دنیای ڕۆژئاواییدایە، بەڵام لە ئاسیا و ئەفەریقا هێشتا لە ململانێی نەتەوەییدا دەکوڵێ، هەروەک ئەوەی کە لە ئەڵمان و فەرەنسا، بەتایبەتیش لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا کە گەیشتووەتە حاڵەتی باڵانسێکی ڕێژەیی، پێدەچێ ئینسان بە هەنگاوی هاوبەش نەتوانێ پێش بکەوێ، ئەمە ئەو تەنگژەیە کە نەیهێشتووە پێشکەوتنی نەتەوەکان وەک خۆی نەبێت، ئەمە جگە لەو لادانە پڕ توندوتیژییەی کە لە ئەورووپا ئەزموون کراوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە حاڵەتێکی دروست و سروشتی و عادەتی نییە، لەسەرووی هەمووشیانەوە بیرکردنەوە لە خێر و شەڕ کە پێشتر لە یۆنان و عیبرانی و مەسیحیدا هەبوو، ئەمە لە ڕێگەی ڕۆمانتیکییەوە گۆڕا، بەڵام لە بنچینەدا هەروەک خۆیەتی کە بە پەرچەکردار دەجووڵێتەوە". (٢٥).

ڕاستە کە کەسایەتی ڕۆشنبیر و سیاسی دوو جەوهەری جودان، سیاسی ناکرێت گوێ لە ڕۆشنبیر نەگرێت و نەخوێنێتەوە، بەڵام بۆ ڕۆشنبیر ئاساییە کە بەدرێژایی تەمەنی گوێ لە سیاسەت و سیاسییەکان نەگرێت، ئەمە ئەخلاقێکی جێگیرە، بەڵام دەبینین ئەو ڕەفتار و ئاکارەی ئایزا بێرلین باسی دەکات، شتێکی دروست کراوە کە لەژێر هەژموونی سەرمایەداری دوای سەرکەوتنیەتی بەسەر بلۆکی سۆڤیەتدا، بۆیە توانیویەتی هەموو حاڵەتە ناسروشتییەکان بکات بە سروشتی و لەبری قبووڵ کردنی فرەیی سروشتی، فرەیی سیاسی و بیرکردنەوە قبووڵ نەکات، بەڵام لەبری ئەوە فرەییەک لە نەتەوە و کولتوور و ئایین قبووڵ بکات کە پرکردنەوەی کەلێنە سیاسییەکەیە، ئەمە کاریگەری لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیری دنیا داناوە کە لە پێشی هەموویانەوە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی و بەبێ ئاگایی دوورکەوتنەوەیان لە بیری ئینسانەدۆستی، بەڵام ئەوان بیانوویەکیان هەیە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەوە بدەنەوە چۆن لە بیری گشتگیر دوور کەوتوونەتەوە، چونکە ئەوان بەهۆی ئەوەی توانیویانە سیستمی سیاسی و دەسەڵات و حوکمڕانی بگۆڕن، ئیدی هەموو کارە ئینسانییەکانیان ڕادەستی دەوڵەت و دەستوور و هۆشیاری سیاسی خەڵک کردووە، بۆیە ڕەخنەکە لە دەسەڵات گۆڕاوە بۆ خۆشگوزەرانی لە جوغزێکی بچووکدا، لەکاتێکدا هەندێک جار ڕەخنەی بەردەوامیان لێ دەگیرێت کە ناکرێ ڕۆشنبیری سەدەی بیست و یەک ئاگای لە دنیای پڕ ناعەدالەتی ڕۆژهەڵات و ئەفەریقا و ئەمریکای باشوور نەبێت، یان ئاگای لەوە

نەبێت کە چۆن بەهۆی خراپ کەڵک وەرگرتنی کۆمپانیا زەبەللاحەکان کەڵکیان لە دەستی کاری ئاسیاییەکان وەرگرتووە و کاڵایان کردووە بە بەرانبەر خوێنی ژیانی ئینسان، یان ئەو کۆچە بەردەوامەی ئینسانی ڕۆژهەڵاتی بەرەو ڕۆژئاوا و دروستبوون و سەرهەڵدانەوەی ڕاسیزم و توندڕۆیی ئینسانی ڕۆژئاوایی بەهۆی ئەوەی سۆسیال دەدرێت بە خەڵکی کۆچکردوو، لە کاتێکدا ئەمان جگە لەوەی بازاڕی گەورەیان بۆ کۆمپانیا و دەوڵەتانی زلهێزی ئەوروپا خۆش کردووە، سیناریۆکان بەردەوامییان هەیە، بۆیە ڕۆژهەڵاتی و ئاسیایی ئەمە حاڵیانە، کەوابوو ڕۆشنبیر و سیاسییەکانی ڕۆژئاوا ناتوانن بەرانبەر بە دەسەڵات و حکوومەت بیانوو بهێننەوە، یان پاساوی بێدەنگی بهێننەوە.

## ئاکار و خەسڵەت

دیارە یەکێک لەو توێژانە کە ئاکاریان وەک خەسڵەتێک لەخۆ گرتووە توێژێکن بەناوی (ڕۆشنبیری فەرمانڕەوا) کاردەکەن و پشگیری لە کارە باش و خراپەکانی دەسەڵات دەکەن، بەڵام دیسان ئەو هاوکێشەیە بەو مانایە نایەت کە دەسەڵات و مەعریفە یەکتر دەبوغزێنن، دیارە لێرەدا کێبەرکێکە شکڵێکی دیکەی هەیە، بۆیە ئاکار لێرەدا پێمان دەڵێ ئەرک و ئامانجەکانی چین و چ مەبەستێکیان لەپشتەوەیە، پەرەسەندنی ئاکار فراوان بوونەوە لە ساتەوەختی منی باڵادا هەموو بوارەکانی هۆشیاری دەگرێتەوە، ئەوجا با ئەو منە باڵایە سیاسی، یان مەلا، یان پیاوماقووڵی دیوەخان، یان ڕۆشنبیر بێت"، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لەڕووی ڕووکارییەوە پەرەیان سەندووە تەنیا کۆمەڵێک جووڵانەوە نەبێت، دواتر کەم بایەخ دەکرێن، بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری بەرزە مندا بن، ئەو کەسانەی پەرەیان بە ئاکاری خۆیان داوە، ڕەنگە پاشماوەی منی باڵایان تێدا مابێتەوە، تا ئەرکەکانی خۆیان تێدا ئەنجام بدەن، هەڵبەت سیفەتی پتەو لە ئاکار، یان شێوازی ئاکار ئاوها لێک دەدرێتەوە" (٢٦).

لێرەدا دەبینین ڕۆشنبیرانی تەقلیدی کە ناتوانێ ئەم خەسڵەتە لەخۆیان دوور بخەنەوە، بەناچار لەنێو ئەو فەزایەدا وێڵ دەبن کە تەواوی خەڵک دەرگیری بوون، دواجاریش بێ ئاگایانە دەبنە دڵسۆزترین کەسی دەسەڵات، (سپێنۆزا) تاکەکەس وەک پلەی دەسەڵات پێناسە دەکات، ئەمەش پێوەندی بەئارەزووەوە هەیە، ئارەزووی تاکەکەسیش بریتییە لە جەخت کردنە سەر دەسەڵاتی تاکایەتی، چونکە ئارەزوو بریتییە لەتوانایی نواندن و کردار، کەواتە ئاکار شتێک نییە لەگەڵ سروشتی هاتنی مرۆڤ بۆخۆی هاتبێ و سەری هەڵدابێ، بەقەد ئەوەی کە مرۆڤ بۆخۆی دروستی کردوون و چوارچێوەی بۆ داناون و کاری پێ کردوون، بۆیە بووەتە حەز و ئارەزوو و بووەتە مۆرکێک کە هەموو کەس پێویستی پێی هەبێت، چونکە پێوەری کۆمەڵایەتی و جەماوەرییە."

لە جیهاندا ئەخلاق ناتوانێ خۆی لەوە بدزێتەوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا گەیشتن بە ئامانجە چاکەکان پەیوەستە بە زەرووەرەتی ئەوەی تاکەکە خوازیار بێ لە دانی باجی بەکارهێنانی ئەو میکانیزمانەی گومان لە سەلامەتییان دەکرێ، یان لانی کەم مەترسییەکان، هەروەها ڕووبەرووی ئەگەری ڕوودانی ئەنجامی خراپ، لە هیچ ئەخلاقێکەوە لە جیهاندا ناکرێ بگەین بەو ئەنجامەی کە کەی و تا چ ڕادەیەک ئامانجی چاک و باش لەڕووی ئەخلاقییەوە، پاساوی ئەو ئەنجام و کەرەستانە دەدات کە لەڕووی ئەخلاقییەوە مەترسیدارن". (٢٧) ڕاستییەکەی نموونەی باڵای ئینسان بۆ ڕکابەری لەنێوان چاکە و خراپەدا کە بە ئەخلاقەوە گرێ دراوە و ئەخلاقیش یەکێکە لەو مەرجانەی بۆ چاکە و خراپە کاری پێ دەکرێت، لە حاڵێکدا ئەو مەرجانە گشتی کراون بۆ ئەوەی خەڵک وەک مەرج تەماشای کرداری چاکە و خراپەکە بکەن، تا ئەمە بۆ دەسەڵاتیش ئەزموونێک بێت، جەنگی سیاسی کە زانست ناتوانێ میتودی لەسەر پراکتیک بکات، چونکە جیهان ترسی گەورەتری هەیە لەو چەمکەی کە پێی دەگوترێ چاکە و خراپە، یان ئەو نموونە باڵایەی کە سنووری هەردوو باڵانسەکە دیاری دەکات.

سروشتی دەسەڵات دابینکردنی ئارەزووە غەریزییەکانی جەستەیە، نەک عەقڵ، ئەو ڕۆشنبیرانەش کە لە سەنگەری هەموو کردارە باش و خراپەکانی دەسەڵاتن، کۆیلەی جەستە و غەریزەن کە ناتوانن ئەو کۆتوبەندە بشکێنن کە غەریزە سەرتاپای جەستەی داگیر کردوون، وەزیفەکەشیان ئەوەیە دەبێ لەهەر حاڵەتێکدا بەرگری لە دەسەڵات بکەن، لە دامودەزگا فەرمییەکان بێت، یان لە دەسەڵاتە نافەرمی و کۆمەڵایەتییەکان بێت، کە بریتین لە بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت، کە گەورەترین هێزی کۆمەڵایەتین، دیارە مەبەستم دەسەڵاتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیشە، ئەمە بەشێکە لە بە خەسڵەت کردنی ئاکار لەنێو کۆمەڵگەی بچووک و ڕەنگدانەوەی بەسەر تاکیشدا.

بە بڕوای میشێل فوکۆ مەعریفە و دەسەڵات دوو چەمکی هاوواتان و لەیەک کاتدا یەکتر تەواو دەکەن و لەیەک کاتیشدا دژی یەکترین، ئەوکاتە مەعریفە خەریکی ئەوەیە جێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵگەدا بکاتەوە، هەر ئەوکاتەیە کە گەروکیەتی ببێتە دەسەڵات، ئەو کاتەش دەسەڵات پێوستی بە مەعریفە نابێت کە ترسی هەیە لەوەی پێگەی کەم بکاتەوە، دەسەڵات مانایەکی تر دەبەخشێتە دەستگاکانی خۆی و پارادۆکسەکەش لەوێدایە کە هیچ دەسەڵاتێک لەدنیادا بەبێ مەعریفە " نییە، پاککردنەوەی جیهان لەسیحر و ئەفسانە، ئەمە پرۆژەی سەردەمی ڕۆشنگەرییە، لێرەوە زانستی نوێ دژایەتییەکی توندی کۆی شتەکان دەکات کە ناچنە ژێر باری دیاریکردن و دەستنیشانکردنەوە، ئیدی ئەگەر عەقڵی زانستی ئەفسانەی نەهێشت لە ڕێگەی عەقڵ و تەکنۆلۆژیاوە، بەڵام سەرەنجام گەیشتە ئەوەی جارێکی تر ئەفسانە بەرهەم بهێنێتەوە، تەنانەت ئەو ئەفسانەیەی قوربانی دەستی ڕۆشنگەری بوون خۆیان لەخۆیاندا بەرهەمی ڕۆشنگەرین".(٢٨) ئەمەی فوکۆ باسی دەکات کە بەشێک لە یاسای دژەکانە، لەلایەک ئاکار دژی ئەو پێشکەوتنەیە کە دەسەڵات و ڕۆشنبیری شانازی پێوە دەکەن، لەلایەکی دیکەوە پشتگیری لەو دەسەڵاتە دەکەن کە پشتی بە ترادیسیۆن بەستووە و برەو بە نەریتخوازی و دواکەوتوویی دەدەن کە جارێکی دیکە دەبێتە خەسڵەت لەجەوهەری تاکدا.

بەڵام لیرەدا بۆ کردنەوەی دەرگایەکی تر کە ڕۆشنبیر وەک کارەکتەرێکی مەعریفی دەرەوەی دەسەڵات، کە گوایە ململانێی دەسەڵات دەکات کە هەندێک جار ناعادیلە، لەوێدا هاوکێشەکە دەگۆڕێت و ناتوانێ هەڵبکات، ئەگەر ڕەخنەش بگرێت و قبووڵ بکرێت، بەو پێیەی کە ڕۆشنبیر هەرگیز لە سنووری عەقڵدا ئارام نییە، "بۆیە بەوەشەوە ناوەستێت و دەیەوێت قودرەتی ئینسان نمایش بکات کە لەڕابوردوودا دیاردەیەکی بەرچاوکەوتوون و پێویستی بەچارەسەری تر هەیە، ئەمەش تێگەیشتنێکی ترە بۆ واقیعی جەوهەری کۆمەڵگە کە ڕەنگە لەجیهانی تردا بکرێتەوە، بۆیە لەسەرەیەتی لە بەرانبەر بنیادنان و ئاسۆیەک کە گوتاری سۆسیۆمەعریفی وەک پرۆژەیەکی ئەپستیمی تەماشا بکات، ئەم پرۆژەیە وەک بیناکەرێک سەرجەم کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەگرێتەوەو ئەنجامگیرییەک نیشاندەدات کە لە گۆڕینی سیمای کۆمەڵگەدا دەبینرێ" (٢٩)، بەمەش وەزیفەیەک لە جەوهەری ڕەخنەگرتندا دەخاتە سەرشان، مارکس پێی وایە" ڕۆشنبیر ڕەخنەگرێکی کارای کۆمەڵگەیە، چونکە مومارەسەی کارێک دەکات کە لە دەرەوەی چالاکییە ئاساییەکانی کۆمەڵدایە"، بڕوانە (دەستنوسە فەلسەفیەکانی کارل مارکس)، دار التقدم موسکو. بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی مارکس، ڕۆشنبیری کورد سیاسەتێک دەکات بە دژی سیاسەتێکی تر و شەرعیەتیشی پێ دەدات، کاتێک دەبینین نەوەیەک بەو ئاراستەیەدا دەبات کە لەجیاتی گەڕانەوەی یادەوەرییە کۆنەکان و خوێندنەوەیان، یادەوەرییەکانی ئێستاش بەهەند وەرناگرن. ئەو بۆچوونەی کە هانی نەوەی نوێ دەدات نەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی گوتاری یەکگرتوو، بەناوی تاکگەراییەوە پەرشوبڵاویان دەکەنەوە، باشترین سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئێستا نەوەیەک هاتوون بڕوایان بەهیچ بەهایەکی مێژوویی و بەهایەکی ئەدەبی و ئینسانی و...تاد نییە و هیچ پاساو و بیانوویەکشیان نییە کە قەناعەت پێکەر بێت.

خاڵێکی هەرە جەوهەری کە ئاکار کاریگەری هەیە و لای هەموو گرووپێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، تەنانەت لەلای ڕۆشنبیرە کلاسیکییەکانیش، ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەک بەبێ دەستوور دەژی، کاتێک دەستوور هەموو ئەو پێوەرە ڕێسایییانە ڕەش دەکاتەوە کە بوونە بە تەرازووی خێر و شەڕ، پێدەچێت کورد لاسایی ئێراق بکاتەوە بەبێ دەستوور، کە دیاریکردنی ئەرک و مافە، بژیت و خۆی بەڕێوە ببات، ئەم باسە بۆچی یەخەی ڕۆشنبیر دەگرێت، چونکە بەبیانووی ئەوەی کاری ئەوان نییە، دەست بۆ ئەم بابەتە هەستیارە نابەن کە لەگەڵ دروستبوونی دەستوورێک مافی هەموو کەس و پێکهاتەیەکی ئایینی و نەتەوەیی و کولتووری دیاری بکات، ئیدی بەشێکی زۆر لەو فەزایە چارەسەر دەبێت کە ئێستا وەک کێشەی ڕیشەیی ناسراوە و چارەسەری نییە، لەحاڵێکدا ئێمە دەبینین کەسانی وەک (مۆنتیسکۆ و ژان ژاک ڕۆسۆ و تۆماس هۆبز و هیگڵ و مارکس) و دەیان کەسی تر لە هەموو دنیا، قسەیان لەبارەی دامەزراندنی دەستوورێکی عەدالەتخوازی کردووە، کەچی ڕۆشنبیری کورد ئەم بابەتە بە لاوەکی دەزانێ و کردوویەتی بە کاری سیاسییەکان و پیاوانی ئایینی، گوایە ئەمە ئەخلاقی کارە و ناکرێت ئەو خەسڵەتە لەیەکتر بسێنرێتەوە کە بەتایبەتمەندی کار ناسراوە.

موناقەشەکردن کە لەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیر وەک کائینێکی چالاک و کایەی ڕۆشنبیری بەگشتی، هەروەها

بەکارهێنانی ئەو زمان و لۆژیک و هەڵوێستەی کە ڕۆشنبیری جددی و کلاسیکی هەیانە، لەو موناقەشانە زیاتر بوونە کە لەسەر سیستم و چەمکە فیکری و سیاسی و ئابوورییەکان کراوە، من لێرەدا هەوڵ دەدەم لەو پرسیارانەوە دەست پێ بکەم کە ئاڵۆزییەکی وەهای خوڵقاندووە و لە چەمکە فەلسەفییەکان ئاڵۆزتر کراوە و چووەتە دۆخێکەوە کە لەدۆخی حزبە کێبەرکێکان دەچێ، لە بەشێکی دیکەدا لەو وەزیفەیەوە دەست پێ دەکەم کە ئەرکی ڕۆشنبیرە و هەریەک بەشێوەیەک شانی خۆی لێ خاڵی دەکاتەوە، بۆ نموونە نەخوێندنەوەی کۆمەڵگە لەڕووی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و خۆخەریک کردن بەجەنگی دەروونی سیاسی و (جەنگی تایبەت)*، لە بەرانبەریشدا بەکارهێنانی ئەو تیورە فیکرییانەی کە لە کولتووری ڕۆژئاواوە خزاونەتە نێو ڕۆشنبیری کوردییەوە.(٣٠).

ڕۆشنبیری نموونەیی کێیە؟ چۆن دەبێ قسە لەسەر شوناسی ڕۆشنبیر بکرێت؟ ئایا شوناس بەکێ دەدرێت؟ دەکرێ هەر کەس خاوەنی زانیاری و مەعریفە بێ پێی بگوترێ ڕۆشنبیر؟ چ شتێک ڕۆشنبیری دەستەبژێر و ڕۆشنبیری ئۆرگانیست لەیەکتری جیا دەکاتەوە؟ ئایا هەڵوێستی سیاسی لە بەرانبەر دەسەڵاتدا ڕۆشنبیر بوونە؟، یان ئەم بۆچوونە مەرامێکی سیاسی لە پشتەوەیە؟، یان ڕۆشنبیر وا باشترە لە سیاسەت دوورەپەرێز بێت ؟، یان بەناوی ڕۆشنبیرییەوە سیاسەت بکات؟، کە سەردەمی ڕۆشنبیری سەر شەقام نزیکەی سەدەیەکە بەسەرچووە، ئایا دەسەڵات چۆن و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ جیاوازی دەسەڵاتی بینراو و دەسەڵاتی نەبینراو چییە؟ هەموو ئەم پرسیارانە وەها کارێکیان کردووە (ڕۆشنبیر) بە شێوازی جۆاوجۆر پێناسە بکرێ، یان لە خوێنەر ئاڵۆز بکرێ، لە بەرانبەریشدا دەستەگەرێتی لە هەوڵی ئەوەدایە بتی ڕۆشنبیری دروست بکا، لە حاڵێکدا هێشتا کۆمەڵگە لەدەست بتەکانی دیکەی وەک بتی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و...تاد ڕزگاری نەبووە و بتی ڕۆشنبیریش بچێتە سەری.

"ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە بەرهەمهێنەری مەعریفەیە و بەهەر بارودوخێک ئەنارشیزم، یان جێگیر و سەقامگیر، یان دۆخی سەرکوتکردن، یان دیموکراسی، ئەو کەسێکە لە دەرەوەی کارەکەی خۆی دەتوانێ گرێدراوی هیچ پێوەندییەک نەبێ کە ئینتیمای ئایین، یان ئایدیۆلۆژیای تێدابێت، یان هەر جۆرە ئینتیمایەکی تر، خەریکی خوێندنەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە بێت بەپێی خوێندنەوەی ئیبن خەلدوون، بۆیە بە پەلەیە بۆ ئەوەی ببێت بە کەسێکی جیاواز لە کەسانی دیکەی دەسەڵاتداران و کەسانی دیکەی دەرەوەی ئایین و ئایدیۆلۆژییەکان و کەسانی ئاسایی کە دەکەونە ژێر هەژموونی ئەو ئایدیالانەوە".(٣١).

هەندێک بۆچوون هەیە ڕۆشنبیری وەک چەمک و خودی ڕۆشنبیر دەخەنە چوارچێوەی تێکستە ئەدەبییەکاندا و لە بەرانبەر یەکتردا بالانسیان دەکەن وەک (پەیامبەر، فەیلەسوف، بیرمەندەکانی مێژوو.. تاد)، هەندێکش بە فیکر و ئایدیۆلۆژیاوە گرێیان دەدەن وەک ڕۆشنبیری ئۆرگانیستی و تەقلیدی و.. تاد، هەندێکیش ڕچەشکێنی و ریسک کردنی یاسا و دابونەریتەکان بە فیکری مۆدێرنەوە گرێ دەدەن و دەستەبژێرەکانی ناولێدەنێن، هەندێکیش وەک سەنعەتکاری فیکری دەیانناسن.

ڕۆشنبیری بۆ خۆی وەک چەمکێکی گشتگیر، جگە لە تێگەیشتنە گشتییەکەی کە لە هەناوی خۆیدا زانست و مێژوو و کولتوور و مەعریفە، تەنانەت پیاوانی ئایینیشی هەڵگرتووە، لەهەمان کاتدا پێوەرێکە بۆ گەڕانەوە و بەرگریکردن لە بەهاکانی کۆمەڵگە و تێڕوانینێکی ستوونی جیهانبینییە کە ڕۆشنبیر وەک کائینێکی بەئاگا لەکایە جیاجیاکان، کاری خۆی لە دەرەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدات. لەلایەکی ترەوە ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیشکالیەتەکانی سەردەم و ئاڵوگۆڕەکانی دەسەڵاتە، ئەمە لەکاتێکدایە ڕۆشنبیری دەسەڵات و دەسەڵاتی ڕۆشنبیر کە بە دەسەڵاتی مەعریفی ناسراوە، ئەگەر دوو دیوی دراوێک نەبن، ئەوە جۆرە هەوڵێکی دیکەیە لەلایەن کارەکتەرە چالاکەکانەوە بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە دەسەڵاتخوازی، چونکە ڕۆشنبیر نییە لە زەینی خۆیدا هەڵگری جۆرە غەریزەیەک نەبێت بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، بەلانی کەمەوە دەسەڵاتی بیرۆکەکانی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، بەو پێیەی کە دەسەڵات بۆ خۆی جۆرە غەریزەیەکە لە مێشکی هەموو تاکێکدایە، ئەوجا ئەو دەسەڵاتە سیاسی، یان فیکری، یان ئایینی بێت، لێرەوەیە ڕۆشنبیری سیاسی و سیاسەتی ڕۆشنبیر دەردەکەوێت، مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر ڕۆشنبیر سیاسی بوو، پەنجە بۆ ئامانجەکانی نێوان حاکم و مەحکووم درێژ دەکات، ئەوەش کە سیاسەتی ڕۆشنبیرە، ئەوەیە کە لەپێناو سیاسەتێکدا دەست لەسەر ئامانجێکی دیاریکراو دادەنێ و سیاسەتێکی دیکە

دەکاتە ئامانج، یان ئەوەیە کە هەوڵی نامومکین دەدات هەروەک عەلی حەرب دەڵێ" مەبەستمان لە وەزیفەی ڕۆشنبیر ئەوە نییە کە ئایدیالیزم، ناچار بە مەتریالیزم بکات، بە پێچەوانەشەوە ماتریالیزم ناچار بە ئایدیالیزم بکات، بەڵکو وەزیفەی ڕۆشنبیر ئەوەیە بەرهەمی فیکری هەبێت" (٣٢) ئەم وانەیە بۆ ئەوەیە کە بەشێک لە ڕۆشنبیران بەو کێشەیەوە خۆیان سەرقاڵ کردووە، ئایا دەتوانن لە ڕێگەی ماتریالیزمەوە کە فیزیکی و فیکری دیالێکتیکییە دەبێ ململانێی ئایدیالیزم بکات و گەمەکەش بباتەوە و بە خەڵکی بفرۆشێتەوە، لە حاڵێکدا ئەمە نە کاری ڕۆشنبیرە و نە بە فیکریش چارەسەر دەکرێ، بەقەد ئەوەی بە سیاسەت یەکلایی دەکرێتەوە، ئایین و توندڕۆیی و سیاسەت و دەسەڵات و دەوڵەت لەیەکتر جودا دەکاتەوە، بۆیەش باس کە دێتە سەر دەوڵەتی عیلمانییەت، باس لە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەکرێت.

شێوەیەکی دیکەی تێڕوانین هەیە کە میشیل فووکۆ بەیانی کردووە، دەسەڵاتی مەعریفی جۆرە دەسەڵاتێکی دیکەی نادیارە، گایتانۆ مۆسکا ١٨٥٨ - ١٩٤١ کۆمەڵناسێکی ئیتاڵیا بوو، ئەو چەندان فەرمانڕەوای ناعادیلی بینیبوو تا گەیشت بەوەی شاهیدی شەڕە جیهانییەکانی یەکەم و دووەم بوو، ئەو وەک ڕەخنەگرێکی دەسەڵات دەرکەوتبوو و بژاردەگەر بوو، بە یەکێک لە درێژەپێدەری تیوری باریتۆ ناسراوە، لە کتێبکە بەناوبانگەکەیدا بە ناوونیشانی (چینی حاکم) باسی ئەوە دەکات دەستەبژێرگەلێک کە کەمینەن، حوکمی خەڵک دەکەن، ئەو حاڵەتە کە بە ئاسایی وەرگرتووە و لەژێر کاریگەری ماکیاڤیللی بەڕەوایەتی دەزانێ کە گرووپێکی کەمینە خەڵکی عەوام بەڕێوەببەن، چونکە ئەوان دەزانن حوکمی زۆرینە بکەن، بۆیە دەستەبژێری ڕۆشنبیر بە یەکێک لەو گرووپە چالاکانە دەزانێ کە هاوکاری حاکمەکان دەکەن.

لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا (ئیدوارد سەعید) بەپێی جیهانبینی خۆی پێیوایە وڵاتانی دواکەوتوو شوێن پێی ڕۆژئاواییەکانیان هەڵگرتووە بۆ تیوریزەکردنی ئەو چەمکانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا کاری پێ دەکرێت، بە مانایەکی دیکە بە ڕۆژئاوایی کردنی جیهان لەڕووی کوولتوورییەوە مەرجی خۆبەستنەوەی زاڵ کردووە بەسەر بیر و بۆچوون و کوولتوری ڕۆژهەڵاتییەکاندا.لێرەوە ئاماژە بەوە دەکات کە تیورەی مۆدێرنیتە وەک شتێک درێژەپێدەری قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسییە، بەو پێیەی کە ئەوان تەنیا بۆ ناسینی ڕۆژهەڵات نەهاتوون بۆ ناوچەکە، بەڵکو هاتبوون بۆ ئەوەی لە داهاتووی ڕۆژهەڵات کەڵک وەربگرن و بیکەن بە کەرەستەی ئەزموون لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کایەکانی تر و ئەمەشیان کرد و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

ئەم خەسڵەتە لە ڕۆشنبیری کورددا بەپێچەوانەوە دەبینرێت، کاتێک دەبینین ڕۆشنبیر، لەپێناو سیاسەتێکدا فیکری ڕۆژئاوایی بەسەر کوردستاندا زاڵ دەکات و خۆشی دەخاتە دەرەوەی بەرپرسیاریەتی و تەنیا تیورەکە پێشان دەدات، بەبێ ئەوەی تیورەکە وەک میتودێکی زانستی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا پراکتیک بکات، ئیشکالیاتی ئەم تەرزە لە ڕۆشنبیری کوردی، ئیشکالیاتی تەنیا تیوری نییە، بەڵکو ئیشکالیاتی پراکتیککردنی تیورە، لانی کەم بەسەر کایەی کۆمەڵایەتیدا کە گرینگی بە هۆشیاری نادەن، هەموو ئەو دیاردانەی کە لە ڕۆژئاوا هەن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕۆژهەڵات بەزیادیشەوە هەن، بەڵام وەک ئەزموون کەڵکی لێ وەرناگیرێت، نموونەش ئەو فرەییەیە لەبارەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئایینی و مەزهەبییەکانەوە، کە دەبوو لەبری ڕۆژهەڵاتناسەکان خودی ڕۆژهەڵاتی خۆیان کەڵکیان لێ وەربگرتبا و بکرابایە میتودی خوێندن لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەوابوو ئەم تەرزە ڕۆشنبیرە وەک ئەو مەلایانەن کە تێکست بەسەر کۆمەڵگەیەکدا فەرز دەکەن، کۆمەڵگە ئاشنای نییە و کولتوورەکەی ڕێگەی پێ نادات پراکتیکی بکات، هەروەک ئەوەی کە کولتووری بەشێک لە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی کوردستان، ئەو پرەنسیپە ئایینییانە قبووڵ ناکەن و کاریشی پێ ناکەن، ئەلێرەوە تێدەگەین کە ڕۆژهەڵات تەنیا ئەو تێکستە نییە لە رووی ئایینییەوە کۆمەڵگەی لە قاڵب داوە، بەڵکو ئەو مێژووەیە کە ڕابوردوو و مێژووەکەی و ئەفسانە و ئەدەب و هونەر و دەسەڵاتەکەی و ئایینەکانی ڕابوردوون، بەڵام دەرکەوتووە کە ڕۆژئاواییەکان زیاتر لە ڕۆژهەڵاتییەکان هەوڵیان داوە بۆ سەرکوتکردنی ئینسانی ڕۆژهەڵاتی، ئایین بە زیندوویی بهێڵنەوە و ڕایبگرن.

بەڕای ئیدوارد سەعید "زۆربەی بەرهەمە زانستییەکان دەگەڕێنەوە سەر (ئاسیلۆس)ی یۆنانی تا دەگاتە (هۆگۆ و دانتی و مارکس) کە هەموویان لە توێژینەوەکانیاندا سەبارەت بە کۆمەڵگەی کلاسیکی ئاماژە بە دەسەڵاتی خێزان دەکەن، گوایە لاوازی فیکر و بێ توانایی کەسی ڕۆژهەڵاتییە بەرانبەر ڕۆژئاوادا، هۆیەکی سەرەکی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەشە، ڕەنگە هەر ئەم هۆکارەش بێت

ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی لاواز و بێ توانست بێ بەرانبەر دەسەڵات و بەرپرسیاریەتیش لەخۆی نیشان نەدات" (٣٣).

ڕۆشنبیری ئاراستەکراو و ڕۆشنبیری ئاراستەکەر، ئەو باوەڕە دروست دەکات کە ڕۆشنبیری کورد، هەمان ئەو کێشەیەی هەبێت کە وەک بۆ ماوەیەک لە خێزانەوە بۆی ماوەتەوە و پۆستی ڕۆشنبیری هەبێت، هەر بۆیە، یان ئەوەتا ئەو کارەکتەرانە دوورەپەرێزن لە سیاسەت، یان ئەوەتا لە خزمەت سیاسەتدا کار دەکەن، لە حاڵێکدا وەزیفەی ڕۆشنبیر خوێندنەوەی دۆخی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەیە و کارەکەی بەرهەمی فیکرییە.

"بەو پێیەی کە ڕۆشنبیری ڕاستەقینە قەت لە سنووری عەقڵدا ئارام نییە، بۆیە بەوەشەوە ناوەستێت و دەیەوێت قودرەتی ئینسان نمایش بکات لە ڕابوردوودا دیاردەیەکی بەرچاوکەوتوون و پێویستی بەچارەسەری دیکە هەیە، ئەمەش تێگەیشتنێکی ترە بۆ واقیعی جەوهەری کۆمەڵگە کە ڕەنگە لەجیهانی دیکەدا بکرێتەوە، بەم تێڕوانینە بێت ئەم کارەکتەرە چالاکە لە سەربەتی بەرانبەر بنیادنان و ئاسۆیەک کە گوتاری سۆسیۆ مەعریفی وەک پرۆژەیەکی ئەپستمی تەماشا بکات، ئەم پرۆژەیە وەک بیناکەرێک سەرجەم کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە و ئەنجامگیرییەک نیشان دەدات کە لە گۆڕینی سیمای کۆمەڵگەدا دەبینرێ"(٣٤).

لێرەدا دەچینە سەر بابەتی پرۆژە کە ڕەنگە نەک لەلای خودی ڕۆشنبیری کورد مانایەکی نەبێت، بەڵکو بیریشی لێ نەکراوەتەوە، لە کاتێکدا ڕۆشنبیر وەک کارەکتەرێکی چالاک، دەبێت خاوەن پرۆژە بێت بۆ هەموو کایەکان، بەتایبەتی کایەی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی بنەچەی زۆربەی کێشەکان، ئەوەندەی خودی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتییە، ئەوەندە ئابووری و سیاسی نییە، بۆ نموونە چەندان جار باس لەوە کراوە کە لەسەر ڕۆشنبیرە، خەمی ئەوەی هەبێت کوردستان چۆن بەبێ دەستوور دەژی، لە کاتێکدا گرنگیمان دەستوور هیچ کۆمەکێک بە کایەی سیاسی نەکات، خۆ دەتوانێ هاونیشتیمانیان فێرە ئەرک و ماف بکات، فێرە هۆشیارییەکی دەستووری و یاسایی بکات، خەڵک فێر بکات تەجاوزی کولتوور و ئایینێک لەلایەن ئایینێکی دیکەوە تاوانە و سزای هەیە، فێریان بکات چۆن بەشداری کارای سیاسەت بن، تەنیا بە دەنگدان نەبێت، بەڵکو بە گوشاری جەماوەری و شارستانی بێت کە گرووپەکانی کۆمەڵگە جووڵەی پێ بکەن، هەروەک گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی لبنان و میسر و توونس، تەنانەت تورکیا و هەندێک جاریش ئێران کە سەرباری ئەو هەموو گوشارە ئەمنییەی سەریان کاریگەری خۆیان هەیە، چونکە هەموو ئەو وڵاتانەی دەوروپشتمان و نزیکی ئێراق و کوردستان چالاکن و بەشداری ڕاستەقینەن لە سیاسەت و لەگەڵ دەوڵەت، سیحرەکە لەوێیە کە ئەوان دەستووریان هەیە و هاونیشتیمانی هۆشیارە بە دەستوورەکەی خۆی وەک هاوڵاتی، ڕۆشنبیری کورد ئەم خەمەی پشتگوێ خستووە کە لە خەمی گۆڕینی دەسەڵات و ئینتیما بۆ ئۆپۆزسیۆن گرینگترە و بەرهەمی باشترە کە وەهمێکی سیاسییە، غەسان کەنەفانی کە ڕۆشنبیرێکی بە ڕەگەز عەرەبە و دەڵێ " ڕۆشنبیر یەکەم کەسە کە بەرگری دەکات و دواهەمین کەسیشە تێکدەشکێت"، واتە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە دەتوانێ لە ڕێگەی پرۆژەکانییەوە، ئەوجا بە تاک بێت، یان بە کۆمەڵ پرۆژە پێشکەش بکەن، دەتوانن بەرگری لەو پرۆژانە بکەن و تادوا هەناسە تێک نەشکێن. لەژێر ئەو ناوونیشانەدا ڕۆشنبیر کە بەشێک لە ئەرکەکەی هەڵوێستە، وەزیفەیەک لە جەوهەری ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات دەخاتە سەرشان، مارکس پێی وایە" ڕۆشنبیر ڕەخنەگرێکی کارای کۆمەڵگەیە، چونکە مومارەسەی کارێک دەکات کە لە دەرەوەی چالاکییە ئاساییەکانی کۆمەڵدایە" (٣٥) بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی مارکس، ڕۆشنبیری کورد سیاسەتێک دەکات بەدژی سیاسەتێکی تر و شەرعیەتیشی پێ دەدات، کاتێک دەبینین نەوەیەک بەو ئاراستەیەدا دەبەن کە لە جیاتی گەڕانەوەی یادەوەرییە کۆنەکان و خوێندنەوەیان، یادەوەرییەکانی ئێستاش بەهەند وەرناگرن. ئەو بۆچوونەی کە هانی نەوەی نوێ دەدات نەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی گوتاری یەکگرتوو، بەناوی تاکگەراییەوە پەرشوبڵاویان دەکەنەوە، باشترین سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە خەمی گەورە لەسەر شان هەڵنەگرن، ئەمە کێشەیەکی فەرهەنگییە کە دەستەبژێرێک بۆ ئەوەی نەوەیەک دەستەمۆ بکات، یان ئاواتی ئەوەی هەبێت نەوەیەک وەک دەسەڵات دەستەمۆ بکات و بیانخاتە ژێر هەژموونی فیکری خۆیەوە و لە ئازادی بیرکردنەوە بێبەشیان بکات، مەبەست لە دوورکەوتنە لە گوتاری یەکگرتوو تەنیا ئەوە نییە لە فیکردا یەکگرتوو مەبن، واتە سەربەخۆ بن، بەڵکو بەهەر شێوەیەک بێت دژی گوتارێک بن کە ببن بەهێزێکی یەکدەست و هێزێکی کۆمەڵایەتی بۆ بەرانگاربوونەوەی هەر جۆرە ئیشکالیاتێکی یاسایی و سیاسی و

فەرهەنگی کە دەسەڵاتی سیاسی پەنای بۆ دەبات، بەبڕوای من دەسەڵاتیش هەمان ستراتیژی سیاسی هەیە، بەڵام بە سیناریۆیەکی دیکە کار دەکات.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان چاپتەری دووەم:**

**١٤- جدلية العلاقة بين المثقف و السلطة، د.عبد الحسين الطائي، دار الحكمة للنشر، لندن، ص٩٣.**

**١٥- مێژووی فەلسەفەی ئەخلاق، کۆمەڵێک نووسەر بەسەرپەرشتیی، کاوڵ ئیدواردس، وەرگێڕانی، چنور فەتحی، پرۆژەی فەلسەفی زانکۆی سەلاحەددین ژمارە ١٩ بە هاوکاری دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ساڵی ٢٠١٠، ل١١٦.**

**١٦- الدكتور علي الوردي، الاخلاق، الضائع من الموارد الخلقية، بيت الوراق للنشر، بيروت، سنة ٢٠٠٧، ص.٤٠.**

**١٧- فريدريش نيتشه، ماوراء الخير والشر، تباشير فلسفة المستقبل، ترجمة: جزيلا فالور حجار، دار الفارابي للنشر، ٢٠٠٣، ص٢٤٧.**

**١٨- تیری ئیگلتۆن، لە پۆلیسەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم، دەربارەی ئایدیۆلۆژیای ئیستێتیکا، وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٦، ل٨٨.**

**١٩- مختارات، ماركس وانجلس، اصل العائلة والملكية الخاصة والدولة، ترجمة: الياس شاهين، منشورات الجمل، طبعة اولى، سنة ٢٠١٤.**

**٢٠- بیرتراند ڕاسیل، ڕەوشت و سیاسەت لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بەهرام محەمەد کاکل، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠١٦، ل٨٧.**

**٢١- دەسەڵات و بەرگری، فاروق ڕەفیق، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ٥، ساڵی ١٩٩٧.**

**٢٢- د.محمد سبيلا، للسياسة، بالسياسة، في التشريح السياسي، دار النشر افريقا، سنة ٢٠١٠، ص ١٣، ص١٣١.**

**٢٣- علي حرب، الفكر والحداثة، حوارات ومحاور، دار الكنوز الادبية، طبعة الاولى، ١٩٩٧.**

**٢٤- نوسینی فاروق ڕەفیق، دەسەڵات و بەرگری، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ٥، ساڵی ١٩٩٦.**

**٢٥- ايزا بيرلين، الفكر الغربي الحديث، نسيج الانسان الفاسد، ترجمة، سمية فلو عبود، دار الساقي، الطبعة الاولى، سنة ١٩٩٣، ص١٠٢.**

**٢٦- هيربرد ماركيوز (الحب و الحضارة)، ترجمة: مطاع صفدي، بيروت، دار الاداب، سنة ١٩٧٠، ص٤٥.**

**٢٧- ئانتۆنی گیدنز، سەرمایەداری و تیۆری هاوچەرخ، خوێندنەوە بۆ کارەکانی مارکس و دۆرکهایەر و فیبەر، وەرگێڕانی بۆ کوردی، ئارام ئەمین شوانی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠١٦، ل٢٦١.**

**٢٨- شوان ئەحمەد، چەند بابەتێکی فیکری، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠١٢، ل١٠٢.**

**٢٩- داريوش شايغان، النفس المبتور.. حاجس الغرب في مجتماعتنا، دراسات دار الساقي، سنة ١٩٩٣، ص٦٨.**

**٣٠- لێرە مەبەست لە جەنگی تایبەت ئەوەیە کە تەنیا سیاسی و سەرباز و پیاوانی دەوڵەت بەشداری تێدا ناکەن، بەڵکو هەموو هاوڵاتییەک کارەکتەرێکە لەگەڵ ئەوانەی جەنگەکەیان هەڵگیرساندووە، بۆ نموونە بازرگان و کڕیار لەپەراوێزی سیاسییەکان هەماهەنگی پرۆژەیەک دەکەن، ئەو کاتەی بازرگان بەپێی میزاجی خۆی و سیستمی دەوڵەت کاڵا هاوردە دەکات و بازاڕ دەڕازێنێتەوە، ئەو کڕیارەش کە بەناچار کاڵاکان دەکڕێ و بەکاری دەهێنێ، هەمان بەشدارە لەو جەنگە، ئەو کاتەی کە نووسەر، یان ڕۆژنامەنووسێک بە میزاجی خۆی و دوور لە ئەخلاقیاتی پیشە کار دەکات، هەمان پشکداری جەنگی تایبەتە کە لەپەراوێزی جەنگی سیاسی بەرهەم هاتووە.**

**٣١- د.لاهای عبدالحسين، من هو المثقف، مجموعة مقالات حول المثقف، دار المدى، سنة ١٠١٠.**

**٣٢- على حرب، اوهام النخبة او نقد المثقف، منشورات المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى، سنة ١٩٩٨.**

**٣٣- ادوارد سعيد، صور المثقف، محاضرات ريض، ترجمة: غصان غصن، سنه ١٩٩٣.**

**٣٤- داريوش شايغان النفس المبتور.. حاجس الغرب في مجتمعاتنا، دراسات، دار الساقي، ص٣٦.**

**٣٥- جورج طرابيشي، (نامە فەلسەفییەکانی مارکس)، دار التقدم، موسكو.**